گوڤارا ئەکادیمی یا زانکویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٣ ژ.١، ٢٠٢٤

حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة
المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.،
e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v13n1a1581

# مافەکانی دەوڵەتە داخراوەکان لە یاسای نێودەوڵەتیدا

پ.ی.د.شاری خالد معروف نانەکەلی،بەشی یاسا، فاکەلتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان- عێراق
شاخەوان جلال حسین محمد، بەشی یاسا، فاکەلتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان- عێراق

**پوختەی توێژینەوە**

دەوڵەتە خاکداخراوەکان، ئەو دەوڵەتانەن کە بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و نەبوونی دەروازەی ئاوییەوە دەسترەسی ڕاستەوخۆیان نییە بۆ دەریا و زەریاکان، بەڵکو بۆ گەیشتن بە دەریاکان پێویستیان بە تێپەڕ بوون هەیە بە خاکی دەوڵەتانی دیکەدا، لە ئەنجامیشدا ڕووبەڕووی ئاڵەنگاری دەستگەیشتن بە بازاڕە جیهانییەکان و گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئابووری دەبنەوە.

ئاشکرایە کە دەریاکان ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دەگێڕن، لەلایەکەوە وەک هۆکارێکی گرنگی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پەیوەندی نێودەوڵەتی، لەلایەکی دیکەوە سەرچاوە سروشتییە بێشومارەکانی دەریاکان بە بنەمایەکی سەرەکی ئابووریی دەوڵەتان هەژمار دەکرێن. ئەمەش وایکردووە دەریاکان هەردەم جێگای چاوتێبڕین و گرنگیپێدانی دەوڵەتان بن.

لەم نێوەندەشدا، دەوڵەتە خاکداخراوەکانیش بە مافی خۆیان زانیوە هاوشێوەی دەوڵەتە کەناراوەکان سوودمەند بن لە سەرچاوە سروشتییەکانی دەریاکاندا، بۆ ئەم مەبەستە لە میانەی کۆنفرانس و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەوە بەردەوام هەوڵی بەدەستهێنانی مافە دەریاییەکانیان داوە.

لەم سۆنگەیەوە، ئەم توێژینەوە هەوڵیداوە لە میانەی بەدواداچوونێکی شیکاریدا وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییە بداتەوە، کە دەپرسێت گرنگترین مافە دەریاییەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان لە یاسای نێودەوڵەتیدا کامانەن؟

**کلیلی وشەکان:** دەوڵەتە خاکداخراوەکان، ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، مافە دەریاییەکان، دەستگەیشتن بە دەریاکان، بەرزایی دەریاکان، ترانزێت، سەرچاوە زیندوو و نازیندووەکان.

## 1. پێشەکی

مافی دەوڵەتان لە بەکارهێنانی دەریا و زەریاییەکان مافێکی گرنگ و چەسپێنراوە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان. بەڵام هەوڵەکانیش بۆ چەسپاندنی ئەم مافانە ئاسان نەبوون و قۆناغ و هەوڵی زۆری ویستووە تاکو بە هەوڵی فرەلایەنی نێودەوڵەتیی، چەسپێنراون. یەکەمین هەوڵی نێودەوڵەتی بۆ چەسپاندنی مافە نێودەوڵەتییەکانی دەریایی بریتی بوو لە کۆنگرەی لاهای ساڵی (1930) کە دوو بابەتی سەرەکی لەخۆ گرتبوو ئەوانیش خاوەندارێتی ئاوە هەرێمییەکان و بەرپرسیاریەتی دەوڵەتان بوو، بەڵام ئەم کۆنگرەیە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بووەوە سەبارەت بە مافە دەریاییەکانی دەوڵەتان.

دواتر کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێڤ لە ساڵی (1958) بەڕێوەچوو، کە تایبەت بو بە مافە دەریاییەکان، بەڵام پرسی دیاریکردنی سنووری ناوچەی دەریایی، کە هۆکاری شکستی کۆنگرەی (لاهای) بوو بە هەمان شێوە لەم کۆنگرە و کۆنگرەی جنێڤ ساڵی (1960) بە هەمان شێوە بە چارەسەرنەکراوی مایەوە، تا کاتی بەستنی سێیەمین کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام کاریگەرترین هەوڵەکان سێیەمین کۆنگرەی تایبەت بە مافە دەریاییەکان بوو. ئەم کۆنگرەیە لە ساڵی (1973)دا بەسترا. یەکێک لە خەسڵەتە گرنگەکانی پەیوەست بوو بە ماوەی بەردەوامی کۆنگرەکە، کە ماوەی نزیکەی (10) ساڵی خایاند تاکو کارەکانی بە ئەنجام گەیشت، لە ساڵی (1982) بە واژۆکردنی بەڵێننامەیەکی تایبەت بە یاسای دەریاکان کۆتایی هات. شایەنی باسە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە یاسای دەریاکان ساڵی (1982) ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنە و گشتگیرە، کە زۆرینەی پرسەکانی تایبەت بە دەریاکانی لەخۆگرتووە دەتوانرێت بە "یاسای گشتگیری دەریاکان" ناوببردرێت. هاوشێوەی دەوڵەتە کەناراوەکان، دەوڵەتە خاکداخراوەکانیش بە مافی خۆیان زانیوە سوودمەند بن لە خێروبێری دەریاکان، بۆ ئەم مەبەستە لە میانەی کۆنفرانس و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەوە بەردەوام هەوڵی بەدەستهێنانی مافە دەریاییەکانیان داوە، لەوانە (ڕێککەوتننامە و سیستەمی بنەڕەتی بەرشەلۆنە ساڵی 1921، ڕێککەوتننامە و سیستەمی بنەڕەتی جنێڤ ساڵی 1923، و چەندانی دیکە، دواجاریش ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکان ساڵی 1982 کە بە شێوازێکی تێروتەسەل ماف و جیاوکەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکانی تێدا جێگیرکراوە.

لەم سۆنگەیەوە، ئەم توێژینەوە هەوڵیداوە لە میانەی بەدواداچوونێکی شیکاریدا وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییە بداتەوە، کە دەپرسێت گرنگترین مافە دەریاییەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان لە یاسای نێودەوڵەتیدا کامانەن؟ لە ئەنجامیشدا، توێژینەوەکە بە کۆمەڵێک دەرەنجام و ڕاسپاردە کۆتایی هاتووە.

## 2. میتۆدۆلۆژی توێژینەوە

### 1.2 کێشەی توێژینەوە

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە تیشک خستنەسەر ئەو کەلێنە یاساییانەی کە هەیە لەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی کە ئاماژە بە مافەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان دەکەن، بەتایبەتی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکانساڵی 1982 کە دەبێتە ڕێگر و ئاستەنگ لە کاتی پراکتیزەکردنی دەقەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە و ڕێککەوتننامەکەنی دیکەی پەیوەست بەم بابەتە؛ لەم گۆشەنیگایەوە ئەم توێژینەوە هەوڵدەدات بۆ دیاریکردنی ئەو گرفتانە و خستنەڕووی پێشنیاری گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان.

### 2.2 گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە باس لە پرسێکی گرنگ و کاریگەر دەکات، ئەویش بریتیە لە بە مافی دەستگەیشتن بە ئاوە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن دەوڵەتە خاکداخراوەکانەوە کە بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان دەکرێت ئەو وڵاتانە ئەم مافەیان دەستەبەر بکەن.

هاوکات، گرنگیەکی دیکەی توێژینەوەکەدا ئەوەیە کە ناوەڕۆکەکەی پێشتر نەخراوەتە بەر باس و توێژینەوەی ئەکادیمی لەبارەوە ئەنجامنەدراوە. بۆیە، ئەم توێژینەوەیە، دەبێتە یەکەمین کاری هاوشێوە کە لە ڕێگەی شرۆڤەکاری و باسکارییەوە هەوڵ دەدات باس لەم بابەتەب دەگمەنە بکات لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی عەرەبی بە گشتی.

### 3.2 میتۆدی توێژینەوە

بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بەستووە بە میتۆدی شیکاری و شرۆڤەکاری، لەلایەنی شیکارییەوە هەڵساوین بە شیکارکردنی ئەو بنەما یاساییە نێودەوڵەتییانەی کە باس لە مافەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان دەکەن و شرۆڤەکردنیان، ئەمەش بە پشتبەستن بە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و ڕای زانایان و زۆربەی ئەو بیردۆزانەی پەیوەستن بەم بابەتەوە. لەبەر ئەوەی میتۆدی شیکاریش کاریگەرترین میتۆدە، کە یارمەتی توێژەران دەدات کە هەم ئاستی تێگەیشتن لە بۆچوونی ئەوانی دی بەرزبکاتەوە، هەمیش کەسایەتی و دەنگی خۆی لە بواری توێژینەوەکەیدا، پێشان بدات[i].

### 4.2 گریمانە و پرسیاری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە دەکات کە دەوڵەتە خاکداخراوەکان بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان لەگەڵ دەوڵەتە کەناراوییەکاندا دەتوانن مافی دەستڕەسییان بە ئاوە نێودەوڵەتییەکان پیادە بکەن و ئەو مافانە پیادە بکەن کە بۆیان دەستەبەرکراوە، هەروەها هاوبەشی دەوڵەتەکەناراوییەکان بکەن لە بەکارهێنانی ئاوە نێودەوڵەتییەکان. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییە بدەینەوە:

گرنگترین ئەو ماف و ئیمتیازاتانە کامانەن کە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ دەوڵەتە خاکداخراوەکان دەستەبەرکراون و لە کۆنگرە و ڕێککەوتننامەکاندا جەختیان لەسەر کراوەتەوە؟

لەپاڵ ئەم پرسیارە سەرەکییەشدا توێژینەوەکەمان وەڵامی پرسیاری پرسیاری لاوەکیش دەداتەوە:

### 5.2 چوارچێوەی توێژینەوە

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە پرسی مافەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان پرسێکی نێودەوڵەتییە و پەیوەستە بە ڕەوش و بارودۆخی ئەو جۆرە دەوڵەتانە و چۆنیەتی دەستگەیشتنیان بە دەریاکان، بۆیە سنووری توێژینەوەکەمان بە تەنیا تایبەتە بە مافەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان، نەک مافەکانی دەوڵەتانی دیکەی وەک دەوڵەتە کەناراوەکان یان دەوڵەتە زیانبارە جوگرافییەکان.

### 6.2 پەیکەری توێژینەوە

بەمەبەستی نوسینەوەی توێژینەوەکەمان لەژێر ناونیشانی (مافەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان لە یاسای نێودەوڵەتیدا) وامان بە باش زانی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشی بکەین: لە چاپتەری یەکەمدا باس لە چوارچێوەی تێگەیی دەوڵەتە خاکداخراوەکان : چەمك و پێناسە و تایبەتمەندی و گەشەسەندنە مێژووییەکانی مافەکانیان و جۆرەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان. و چاپتەری دووەم تەرخاندەکرێت بۆ خستنەڕووی مافەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان لە ناوچە جیاجیاکانی دەریاکاندا. و لە کۆتادا بە کۆمەڵێک دەرەنجام و ڕاسپاردە کۆتایی بە توێژینەوەکەمان دێت.

### 3 چوارچێوەی تێگەیی دەوڵەتە خاکداخراوەکان

ئەم چاپتەرە تەرخان کراوە بۆ ڕوونکردنەوەی چوارچێوە و بیرۆکەی دەوڵەتە خاکداخراوەکان  لە میانەی خستنەڕووی ئەو چەمك و دەستەواژانەی بۆ گوزارشت کردن لەو جۆرە دوەڵەتانە بەکارهێنراون، لەگەڵ ئاماژەکردن بە دیارترینی ئەو  پێناسانەی بۆ ئەو دەوڵەتانە لەبەردەستدان، پاشان تیشک دەخرێتە سەر دیارترین خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان و جۆرەکانیان، ئەمەش وەک دەروازەیەک بۆ ناساندنیان و گەڵاڵەبوونی چوارچێوەیەکی تێگەیی بۆ ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان.

### 1.3 چەمك و پێناسەی دەوڵەتە خاکداخراوەکان

لەلایەن بیرمەند و پسپۆڕان و توێژەرانەوە کۆمەڵێک دەستەواژە و پێناسەی جۆربەجۆر بۆ دەوڵەتە خاکداخراوەکان خراوەتە ڕوو، لەم بەشەدا چەمك و دەستەواژەکان و پێناسە جیاوازەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان دەخرێنە ڕوو.

### 1.1.3 چەمکی دەوڵەتە خاکداخراوەکان

چەمکی دەوڵەتە خاکداخراوەکان یان داخراوی سنووری دەوڵەتان لەڕووی دەستگەیشتن بە دەریاکان دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی جیۆپۆلۆتیکی ئەو وڵاتانە لە ڕووی دەریاوە بەجۆرێک پێگەی جوگرافیای ئەو دەوڵەتانە وەها هەڵکەوتووە کە سنووری ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دەریادا نیە"[ii].

ئەم دیاردەیەش لە ڕۆژگاری ئێستادا تا ڕادەیەک بەربڵاوە و لە چوار کیشوەری گۆی زەویدا بە ڕوونی بەدی دەکرێت. ئەوانیش کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەوروپا و ئەمەریکای باشوورن و ژمارەیان لە ئێستادا 44 دەوڵەت دەبێت، کە ڕێژەی نزیکەی 20٪ی دەوڵەتانی جیهان پێکدێنن[iii].

لە نێوەندە یاساییەکاندا چەندین دەستەواژەی جیاواز بەکاردەهێنرێت بۆ گوزارشت کردن لەو دەوڵەتانەی سنووری ڕاستەوخۆیان نیە لەگەڵ ئاوە نێودەوڵەتییەکاندا. لەوانەش "دەوڵەتانی بێ دەرچەی دەریایی"،  " دەوڵەتانی نێوەند کیشوەری"، "دەوڵەتانی بێ سنووری دەریایی"، "دەوڵەتە ناکەناراوەکان"، "دەوڵەتانی قەتیسکراو" " دەوڵەتە بەستراوەکان"، و "دەوڵەتە بەدبەختە جوگرافییەکان".

لەم توێژینەوەیەشدا توێژەر دەستەواژەی "دەوڵەتە خاکداخراوەکان " بەکاردەهێنێت بۆ گوزارشت کردن لەو دەوڵەتانەی سنووری ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دەریا و زەریاکاندا نیە. چونکە ئەم دەستەواژەیە زیاتر لە واقیعی جوگرافی و سیاسیی و یاسایی ئەو جۆرە دەوڵەتانەوە نزیکەوە.

### 2.1.3 پێناسەی دەوڵەتە خاکداخراوەکان

پرسی دەوڵەتە خاکداخراوەکان لە نێوەندە زانستییەکاندا بایەخی تایبەتی خۆی هەیە و جێگای سەرنجی توێژەران و یاساناسانی نێودەوڵەتییە. لە ئەنجامیشدا پێناسە و لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەو جۆرە دەوڵەتانە کراوە لە ڕووی ناساندنیانەوە. بۆیە توێژەر هەوڵ دەدات دیارترین و گرنگترین ئەو پێناسانە بخاتەڕوو. لەڕووی یاساییەوە، ڕێککەوتننامەی  نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکان ساڵی 1982 بنەما و بناغەی یاسایی نێودەوڵەتیی ناساندنی دەوڵەتە خاکداخراوەکانە. ڕێککەوتننامەکەش لە ماددەی (124)دا، کە تایبەتە بە زاراوە بەکارهاتووەکان، لەا خاڵی یەکەم بڕگەی (آ) بەم شێوەیە پێناسەی دەوڵەتە خاکداخراوەکانی کردووە کە بریتین لە " هەر دەوڵەتێک کە سنوری دەریایی نیە"[iv].

(کیشور ئویریتی) بەم شێوەیە پێناسەی دەوڵەتە خاکداخراوەکان دەکات " ئەو دەوڵەتانەن کە کەناراویان نیە تاکو ڕاستەوخۆ بگەنە گواستنەوەی دەریایی نێودەوڵەتی."[v]. هەر لەم چوارچێوەدا نوسەری بەناوبانگی ڕوسی (ڤلادمیر گالیسین) لە پەرتوکی (دولتهای محاط به خشکه و حقوق بین الملل دریاها) (دەوڵەتە دەورەدراوەکان بە وشکانی و یاسای نێودەوڵەتی دەریاکان) بەم شێوەیە پێناسەی دەوڵەتە خاکداخراوەکان دەکات "دەوڵەتە خاکداخراوەکان ئەو دەوڵەتانەن کە سنوری دەریاییان نیە و دەستگەیشتنی ڕاستەوخۆیان بە دەریا و زەریاکان نیە"[vi]. لەم ڕوانگەیەوە و لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەدا دەتوانین پێناسەی دەوڵەتە خاکداخراوەکان بکەین بەم شێوەیە کە بریتین لەو دەوڵەتانەی سنووری دەریاییان نیە و بۆ دەستگەیشتن بە دەریاکان پێویستییان بە تێپەڕبوون هەیە بە هەرێمی دەوڵەتانی دراوسێدا.

### 2.3 گەشەسەندنی مێژوویی مافەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان

هەرچەندە بەکارهێنانی دەستەواژەی دەوڵەتە خاکداخراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی سێیەمی نەتە یەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکان، بەڵام بەدەستهێنانی مافە دەرياييەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان مێژوویەکی زۆر کۆنتری هەیە و بە چەندین وێستگەی مێژوویدا تێپەڕ بووە.

لە گرنگترین ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانە کە بەشێوەیەکی تایبەت سەروکارییان لەگەڵ کێشەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان کردووە بریتی بوون لە ڕێککەوتننامەی ڤێرسای (Treaty Versailles) ساڵی 1919[vii]، ڕێککەوتننامە و سیستەمی بنەڕەتی بەرشەلۆنە تایبەت بە ئازادی ترانزێت Barcelona) Convention and it is Statute on freedom of transit) ساڵی 1921[viii] و ڕێککەوتننامەی گشتی بازرگانی و پێناسی گومرگی (GATT) 1947[ix]، کۆمسیۆنی ئابووری ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی دوور (ECAFE)[x]. هەروەها هەردوو کۆنگرەی یەکەم و دووەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکان لە جنێڤ ساڵی 1958[xi] و 1960[xii]. دواهەمینیان کە بە گرنگترینیشیان هەژمار دەکرێت بریتی بوو کۆنگرەی سێیەمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1973 دەستی پێ کرد و ماوەی کۆنگرەکر نزیکەی دە ساڵی خایاند و بە یاسای نێودەوڵەتی دەریاکان ساڵی 1982 کۆتایی هات[xiii]، کە تییدا گرنگییەکی بەرچاو دراوە بە مافەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان[xiv].

### 3.3 تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان

دەوڵەتە خاکداخراوەکان بە گشتی خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیانن. هەرچەندە هەندێک لەو تایبەتماندییانە ڕێژەیین و لە دەوڵەتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە ڕێژەکەی جیاوازە، بەڵان دەتوانرێت بگوترێت کە تا ڕادەیەکی بەرفرە زۆرینەی دەوڵەتە خاکداخراوەکان لەو تایبەتمەندییانەدا هاوبەشن، یان بە ڕێژەی جیاواز ئەو تایبەتمەندییانەیان تێدایە، گرنگترینیان:

یەکەم: سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی لە بواری ئاڵوگۆڕی بازرگانی و کەرەستەکانی گواستنەوەدا بەدەست هاتووە، بەڵام زۆربەی دەوڵەتە خاکداخراوەکان دەوڵەتانی دواکەوتوون لە ڕووی ئابووری و داهاتی تاکەوە.[xv] ، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پشت ئەم دواکەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵەنگارییەکانی گەیشتن بە بازاڕە جیهانییەکاندان و گرفتی گەیشتن بە دەروازە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان[xvi].

دووەم: دەوڵەتە خاکداخراوەکان بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی و گواستنەوەی شمەکەکان بە تەواوی پشت بە ژێرخانی ئابووری دەوڵەتانی ترانزێتی دراوسێیان دەبەستن وەک ڕێگا و بان و هۆکارەکانی گواستنەوە[xvii].

سێیەم: بە مەبەستی پیادەکردنی مافی دەستگەیشتن بە دەروازە ئاویە نێودەوڵەتییەکان، دەوڵەتە خاکداخراوەکان پێویستییان بەوە هەیە کە ڕێککەوتنی دوولایەنە لەگەڵ دەوڵەتانی ترانزێتی ئەنجام بدەن، ئەم ڕێێکەوتنانەش بە دەستەبەری دەستگەیشتن بە دەریاکان هەژماردەکرێت.[xviii]

چوارەم: بارودۆخی نێوخۆیی دەوڵەتە ترانزێتییەکان لە ڕووی ئابووری و سیاسی و ئاستی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر دەوڵەتە خاکداخراوەکان ،[xix]، بۆ نموونە لە دەیەی ساڵی 1990 دەوڵەتە خاکداخراوەکان ی ڕۆژئاوای کیشوەری ئەفریقا دووچاری ئاستەنگی تێپەڕبوون بوونەوە کاتێک دەوڵەتەکانی مالی و گانا و تۆگۆ ڕووبەڕووی شەڕی ناوخۆ و توندوتیژی ئەتنیکی بوونەوە[xx].

پێنجەم: دەوڵەتە خاکداخراوەکان ڕووبەڕووی ڕێوشوێن و ڕێکارە کارگێڕییەکانی دەوڵەتە دراوسێکان دەبنەوە لەکاتی تێپەڕبوونیان بە سنووری ئەو وڵاتانەدا تاکو دەگەنە دەریاکان، بەتایبەتی لەڕووی تێچوونەکانەوە، بەجۆرێک هەندێک جار ئەو دەوڵەتانە پێناسی گومرگی زۆر گەورە لەسەر کاڵا و شمەکەکان دادەنێن کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ لە سنوورەکان وەردەگیرێن و هەندێکیشیان لە ڕێگاکاندا لێیان وەردەگیرێت[xxi].

شەشەم: لەبەرچاوگرتنی جۆری ئەو کاڵایانەی کە لەلایەن دەوڵەتە خاکداخراوەکان ەوە هەناردە دەکرێن، بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێت لە ناسینەوەی ئەو جۆرە دەوڵەتانە[xxii]، لەمەشدا توانین ئاماژە بەوە بکەین کە نزیکەی 27 دەوڵەت لە کۆی 32 دەوڵەتی داخراوی دواکەوتوو پشت دەبەستن بە هەناردە کردنی کاڵا بنەڕەتییەکان[xxiii]، ئەمەش بەپێی داتاکانی هەناردەکردن بۆ ساڵانی (2011- 2013)[xxiv].

### 4.3 جۆرەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان

بۆ دیاری کردنی جۆرەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان پێویستە پێگەی جوگرافی ئەو دەوڵەتانە لەبەرچاو بگیرێت لە ڕووی چۆنیەتی دەستگەیشتن بە دەروازە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان. واتا تەماشای هەڵکەوتەی جوگرافییان دەکرێت، کە چەند دەوڵەت کەوتوونەتە نێوان ئەو دەوڵەتانە و دەریاکانەوە؟ لەسەر ئەم بنەمایەش دەوڵەتە خاکداخراوەکان دابەش دەبن بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا، جۆری یەکەم دەوڵەتە خاکداخراوەکان بە هەرێمی یەک وڵات.[xxv]

جۆری دووەم دەوڵەتە خاکداخراوەکان بە هەرێمی زیاتر لە وڵاتێک، کە ئەو دەوڵەتە داخراوانە لەخۆ دەگرێت بۆ گەیشتن بە دەروازە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و زەریاکان پێویستییان بە تێپەڕ بوون بە خاکی زیاتر لە یەک دەوڵەت هەیە، کە دەکرێت دەوڵەتێکی کەناراو بێت لەگەڵ یەک دەوڵەتی دیکەی داخراو یان زیاتر.[xxvi]

## 4 گرنگترین مافەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان لە یاسای نێودەوڵەتیدا

لە یاسای نێودەوڵەتیدا، بەپێی جۆری دەریا و دەرچە و ڕێڕەوە ئاوییەکان، مافەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان یش دیاری کراون. بۆ نموونە لە کاتێکدا، بەشێوەیەکی گشتی دەستەبەری مافی گەیشتن و بەکارهێنانی دەریا و ڕێڕەوە ئاوییەکان بۆ دەوڵەتە خاکداخراوەکان چەسپێنراوە، بنەمای یاساییش بۆ گەیشتن بە ناوچەی ئابووری پوخت و دەریا هەرێمییەکان بەبێ هیچ بەربەست و زیانێك بە حوکم و پرەنسیپی تایبەتمەند، لە یاسای نێودەوڵەتیدا، ڕێکخراون. هەربۆیە ئەم تەوەرە یەك بەیەك وردەکارییەکانی چۆنیەتی ڕێکخستنی سەرجەم مافەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان لەڕووی گەیشتن و سوودمەندبوونیان لە دەرچە و ڕێڕەوە ئاوییەکان شرۆڤە دەکات.

### 1.4 مافی دەوڵەتە خاکداخراوەکان لە گەیشتن بە دەریاکان (حق الوصول)

بۆ ئەوەی دەوڵەتە خاکداخراوەکان لە پرەنسیپی ئازادیی دەریاکان سوودمەند بن و لە بازرگانی نێودەوڵەتیدا بەشداری کارایان هەبێت، پێویستە مافی دەستگەیشتن بە دەریاکان بەدەست بهێنن. لەم ڕووەوە یەکێک لە پرسە گرنگەکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی کە بۆ دەوڵەتە خاکداخراوەکان گرنگی ژیانی هەیە بریتیە لە دەستگەیشتن بە دەریاکان.[xxvii] ڕەگ و ڕیشەی ئەم مافەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیماننامەی (وێستفالیا) ساڵی 1648 و پەیماننامەکانی کۆتاییهێنان بە جەنگەکانی (ناپلیۆنی)، بەجۆرێک ئەو پرسە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ کێشەی هاتوچۆ لە ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان و کێشەی ئازادیی ترانزێت خرانەڕوو. دواتر لە پەیماننامەی (پاریس) کە لە 30 ئازاری ساڵی 1814 بەسترا، ئەو مافە بە فەرمی جێگیرکرا[xxviii]. پاشان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا مافی گەیشتن بە دەریاکان لە چەندین بەڵگەنامە و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، وەک کۆنگرەی ئاشتی (پاریس) ساڵی 1919 و کۆنگرەی (بەرشلۆنە) ساڵی 1921 و کۆنگرەی (جنێڤ) ساڵی 1923 و بەڵگەنامەی (بۆینس ئایرس) ساڵی 1957 هەر دوو کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکان لە ساڵەکانی (1958، 1973) و چەندین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی و هەرێمی دیکە.[xxix]

سەرەنجام پاش پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1982، کە بە یاسای نێودەوڵەتی دەریاکان ناوی دەرکردووە، مافی گەیشتن بە دەریاکان بۆ سەرجەم وڵاتانی جیهان، بەجیاوازی پێکهاتەی جوگرافییان، چەسپێنرا. بە جۆرێك کە بەگوێرەی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (87) ی ڕێککەوتننامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە بەرزایی دەریاکان کراوەیە بۆ هەموو دەوڵەتان، کەناراو بن یان داخراو و هەموویان مافی پیادەکردنی مافەکانیان هەیە لە دەریاکاندا بەپێی ئەو مەرجانەی لەم ڕێککەوتننامەیە و یاسا نێودەوڵەتییەکانی دیکەدا هاتوون.[xxx]

هەر لە چوارچێوەی دووپات کردنەوەی مافی دەوڵەتە خاکداخراوەکان لە گەیشتن بە دەریاکاندا، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتی ساڵانەیدا پەیوەست بە پەرەسەندنەکان و پرسەکانی پەیوەست بە زەریاکان و یاسای دەریاکان لە ساڵی 2004، جەختی کردووەتەوە لەسەر مافی دەوڵەتە دواکەوتووە داخراوەکان لە گەیشتن بە دەریاکان و ئازادی گواستنەوە و تێپەڕبوون بە خاکی دەوڵەتانی تێپەڕ بە سەرجەم هۆکارەکانی گواستنەوە.[xxxi]

بەڵام دەبێت ڕەچاوی ئەوەش بکرێت کە مافی گەیشتن لە دەریاکان و بۆ دەریاکان مافێکی ڕەها و سەربەخۆ نیە، بەڵکو ئەم مافە دەوەستێتە سەر ئەو ڕێککەوتن و ڕێکخستنانەی کە لە نێوان دەوڵەتە خاکداخراوەکان و دەوڵەتە ترانزێتییەکاندا ئەنجام دەدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا جەخت کردنەوە لەسەر دەستگەیشتنی دەوڵەتە خاکداخراوەکان بە بە دەریاکان هەنگاوێکی گرنگە لە یارمەتیدانی ئەو دەوڵەتانە.[xxxii] بە جۆرێک لە ماددەکانی 127 تاکو 130 لە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکان ساڵی 1982 کۆمەڵێک ڕێو شوێنی دیاری کردووە بۆ ڕێکخستنی چۆنیەتی گەیشتن بە دەریا،[xxxiii] هەرچی ماددەی 131ی هەمان یاسایە ئاماژە بەوە دەکات کە لە بەندەرە دەریاییەکاندا ئەو کەشتییانەی هەڵگری ئاڵای دەوڵەتە خاکداخراوەکان ن دەبێت هەمان مامەڵەی کەشتییەکانی دەوڵەتانی دیکەی بیانییان لەگەڵ بکرێت و کەشتییەکانی سەرجەم دەوڵەتان کەناراو بن یان داخراو مافی تێپەڕبوونی بێ زیانیان هەیە لە دەریای هەرێمی و ئازادی هاتوچۆی دەریایی لە دەرەوەی سنووری دەریای هەرێمی.[xxxiv]

هەروەها لە ماددەی 3ی ڕێککەوتننامەی جنێڤ ساڵی 1958 تایبەت بە بەرزایی دەریاکان هاتووە کە ئەو دەوڵەتانەی سنووری دەریاییان نیە (مەبەست دەوڵەتە خاکداخراوەکان ن)، پێویستە دەرچەیەکی ئازادیان هەبێت بە ئاراستەی دەریا، تاکو بتوانن بە یەکسانی لەگەڵ دەوڵەتە کەناراوەکان پیادەی مافە دەریاییەکان بکەن.[xxxv]

لە ڕووی تیۆرییەوە زۆربەی یاساناسانی نێودەوڵەتی کۆکن لە سەر مافی دەستگەیشتنی دەوڵەتە خاکداخراوەکان بە دەریاکان و لە دەریاکانەوە، بەڵام لەو ڕووەوە ناکۆک بوون کە ئایا پاساوی ئەو مافە چیە؟ لەم بارەوە یاساناسان بەسەر سێ ئاڕاستەی فیقهیدا دابەش بوون:

**ئاراستەی یەکەم:** فەقیهەکانی ئەم ئاراستەیە بنچینەی مافی دەستگەیشتن بە دەریاکان دەگێڕنەوە بۆ یاسای سروشتی، (شارل دوفیشەر) دەڵێت گەیشتن بە دەریاکان ڕەنگدانەوەی ناکۆکیی دوو بیرۆکەی سەرەکیە، بیرۆکەی ئازادی هاتوچۆی نێودەوڵەتییە، کە کۆمەڵێک بەرژەوەندی نێودەوڵەتی لەخۆ دەگرێت، و بیرۆکەی سەروەری هەرێمی، بەو پێودانگەی کە دەریاکان موڵکی هاوبەشی مرۆڤایەتین، کەواتە سەرجەم دەوڵەتان مافی هاوبەشییان هەیە لە بەکارهێنانیدا و ئەم مافەش پشت دەبەستێت بە یاسای سروشتی.[xxxvi]

**ئاراستەی دووەم:** لەم ئاراستەدا پاساوی مافی دەستگەیشتن دەگەڕێتەوە بۆ خودی پرەنسیپی ئازادی دەریاکان، لەم بارەوە (مارسیل سیبیر) بۆچوونی وایە کە ئەم مافە ئەنجامێکی لۆژیکییە بۆ پرەنسیپی ئازادی دەریاکان، و هەر یەک لە (جۆرج سێل و هاید)یش هەمان بۆچوونیان هەیە.[xxxvii]

**ئاراستەی سێیەم:** فەقیهەکانی ئەم ئاراستە سەرچاوەی ئەو مافە دەگێڕنەوە بۆ بیرۆکەی بەندێتی لە یاسای نێودەوڵەتی (INTERNATIONAL SERVITUDE) ئەم بیرۆکەش لە یاسای ناوخۆییەوە وەرگیراوە،[xxxviii] لە سایەی ئەم بۆچوونەوە دەوڵەتە خاکداخراوەکان مافی دەستگەیشتن بە دەریاکانیان هەیە بە ناو هەرێمی دەوڵەتانی دراوسێدا بەبێ بوونی ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی لەو بارەوە، بەڵکو بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی دەوڵەتانەوە ئەو مافە پەیدابووە، هەر یەک لە یاساناسان ( G.DE LAPRADELLE, POTTER, G.GRUSEN, F.A.VALI, P. FAUCHILLE, H. LAWTERPACHT) لایەنگرانی ئەم ئاراستەن.[xxxix]

لە پوختەی ئەو باسانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، لەلایەکەوە هەرچەندە بەپێی بنەماکانی یاسا دابییەکان (القوانين العرفية) کە جەخت دەکەنەوە لەسەر یەکسانی سەرجەم دەوڵەتان بەبێ جیاوازی لە سوودمەندبوون لە سامانی هاوبەشی مرۆیی لە بەرزایی دەریاکاندا، و لەلایەکی دیکەوە بەپێی ڕێککەووتننامە و جاڕنامە جیهانییەکان کە جەخت کراوەتەوە لەسەر پرەنسیپی ئازادی بەرزایی دەریاکان، بەڵام هێشتا دەوڵەتە خاکداخراوەکان ناتوانن پیادەی ئەو مافانەیان بکەن ئەگەر دەرچەی گەیشتن بە دەریاکانیان بۆ دەستەبەر نەکرێت کە خۆی دەبینێتەوە لە بەکارهێنانی هەرێمی ئەو دەوڵەتانەی کە دەکەونە نێوان ئەوان و دەریاکانەوە، هەر بۆیەش لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکاندا و بە تایبەتیش لە ڕێککەوتننامەی نەتەو یەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکان ساڵی 1982 دووپات کراوەتەوە کە دەوڵەتە خاکداخراوەکان مافی دەستگەیشتن بە دەریاکانیان هەیە.

بۆیە بەبۆچوونی توێژەر، فەراهەم کردنی دەرچەی گەیشتن بە دەریاکان هێندەی خودی بوونی ئەو مافە لە ڕێککەوتننامە و یاسا نێودەوڵەتییەکان گرنگە، بە واتایەکی دیکە ئاسانکاری دەوڵەتانی دراوسێ بۆ دەوڵەتە خاکداخراوەکان لە دەستگەیشتن بە دەریاکان و کەمکردنەوەی مەرجەکان لە ڕێککەوتنە دوانییەکانی نێوانیان زامنی دەستگەیشتنی ئەو دەوڵەتانەیە بە دەریاکان.

## 2.4 مافەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان لە ناوچەی ئابووری پوختدا

بیرۆکەی ناوچەی ئابووری پوخت لە ئەنجامی پاوانخوازی و ویستی دەوڵەتە کەناراوەکان سەریهەڵداوە کە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون ڕووبەری فراوانتر لە دەریاکان بخەنە ژێر دەسەڵات و ناوچەی قەڵەمڕەوی خۆیانەوە.[xl] لەم ڕوانگەیەوە یاسای نێودەوڵەتی دەریاکان وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەم دۆخە و فەراهەمکردنی جۆرێک لە هاوسەنگیی لە نێوان ویستی دەوڵەتە کەناراوەکان لەم ناوچەیەدا لەلایەک و دابڕینی ئەو ناوچەیە لە بەرزایی دەریاکان لەلایەکەی دیکەوە، لەبەر ئەوەی ناوچەی ئابووری پوخت درێژکراوەی دەریای هەرێمی نیە، بەڵکو ناوچەیەکە کە هەندێک ماف و دەسەڵاتی تایبەت دەدرێت بە دەوڵەتە کەناراوەکان تێیدا. لە ئەنجامی ئەمەشدا یاسای نێودەوڵەتی دەریاکان چوارچێوەیەکی دیاری کردووە کە لە میانەیەوە دەوڵەتە خاکداخراوەکان مافی هاوبەشییان هەیە لە سەرچاوە ژیارییەکانی ئەو ناوچەیە.[xli]

سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئەم ناوچەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1972 لە میانەی کۆبوونەوەی ساڵانەی لیژنەی یاسایی ڕاوێژکاری ئەفریقی ئاسیایی (الافروآسيوية) کە لە کۆلۆمبۆ بەسترا و تێیدا حکومەتی کینیا پرۆژەیەکی پێشکەش کرد بۆ درێژکردنەوەی ویلایەتی نەتەوەیی دەوڵەتە کەناراوەکان. لە ماددەی 2ی پرۆژەکەدا لە بارەی ناوچەی ئابووری پوخت هاتبوو، سەرجەم دەوڵەتانی کەناراو مافی دروستکردنی ناوچەی ئابوریان هەیە لە پاش دەریای هەرێمی بۆ بەرژەوەندی ئابووری گەلەکانیان و بۆیان هەیە سەروەری خۆیان پیادە بکەن بەمەبەستی دۆزینەوەی سامانی سروشتی زیندوو و نازیندوو و بەکارهێنانیان، و هەروەها بەمەبەستی ڕێگری لە پیسبوونی ژینگە و قەڵاچۆکردنی.[xlii] ناوچەی ئابووری پوختیش بەوە پێناسە کراوە کە "بریتیە لە ناوچەیەکی ئاوی دەکەوێتە پاش دەریای هەرێمی و پێیەوە نوساوە، بە سیستەمێکی یاسایی تایبەت ڕێکخراوە، ماوەی دووریەکەی بۆ 200 میلی دەریایی درێژ دەبێتەوە لە (هێڵی بنەڕەتیی)[xliii] ـەوە کە پانتایی دەریای هەرێمی لێ=وە دەپێورێت".[xliv] لە ڕووی جوگرافیشەوە مەبەست لە ناوچەی ئابووری پوخت ئەو ناوچەیە کە لە دوای دەریای هەرێمییەوە دەستپێ دەکات و پەیوەستە پێیەوە،[xlv] و بۆ مەودای 200 میلی دەریایی درێژ دەبێتەوە لە هێڵی بنەڕەتییەوە کە دەریای هەرێمی لێوە دەپێورێت.[xlvi]

ئەگەرچی دەوڵەتە خاكداخراوەكان لە قۆناغی سەرەتادا وردگەری بنەڕەتییان لەسەر چۆنیەتی گەیشتن بە دەریاكان بووە لە ڕێگەی دەوڵەتە كەناراوەكانەوە و بەكارهێنانی بەندەرەكان كە بە پێی ڕێككەوتننامەی جنێف ساڵی 1958 ڕێكخستنیان بۆ كراوە، بەڵام لە هەنگاوی دواتردا ئامانجەكانیان گۆڕا بەجۆرێک لە كۆنگرەی سێیەمی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ یاسای دەریاكان بە ڕوونی داواكارییەكانی ئەم دەوڵەتانە خرانەڕو لە سوودمەند بوون لە سەرچاوە سروشتییەكانی ناوچەی ئابووری پوخت.

لەم بارەیەوە دكتۆر محمد طلعت بۆچوونی وەهایە كە ئەگەرچی پێشتر كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دانی بەوەدا ناوە كە دەوڵەتە خاكداخراوەكان مافی هەڵكردنی ئاڵایان هەیە لەسەر كەشتییەكانیان لە دەریاكاندا و دەكرێت لە یەكێک لە شارەكانی ئەو دەوڵەتانەدا كەشتییەكان تۆمار بكرێن بە پێودانگی ئەوەی ئەو شارانە لەڕووی حوكمەوە وەک بەندەر هەژماردەكرێت، هەمان پێودانگ دەكرێت پاڵپشتی دەوڵەتە خاكداخراوەكان و زیانبارە جوگرافییەكان بكات لە داواكردنی هاوبەشی لە سامانە دەریاییەكان لەو ناوچانەدا كە دەكەوێتە دەرەوی ئەو سنوورەی بەپێی یاسای كۆنی دەریایی كرابوون بۆ دەوڵەتە كەناراوەكان[xlvii]

وەكو پرەنسیپێكی گشتی سەرجەم دەوڵەتان و لە نێویشیاندا دەوڵەتە خاكداخراوەكان لە ناوچەی ئابووری پوختدا مافەكانی هاتوچۆی دەریایی و فڕینی ئاسمانی و جێگیركردنی كێبڵەكان و ڕاكێشانی بۆریەكانیان هەیە، بێجگە لەمانەش ئازادییە ڕەواكانی دیكەی پەیوەست بە بەكارهێنانی دەریاكان وەک كەش0تیرانی و فڕۆكەوانی و ڕاكێشانی هێڵەكانی بۆری ژێردەریا، ئەمەش لە چوارچێوەی حوكمەكانی ڕێككەوتننامەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ یاسای دەریاكان،[xlviii] و بەپێی دەقی ماددەی 58 لە ڕێككەوتننامەی ناوبراو حوكمەكانی پەیوەست بە بەرزایی دەریاكان كە لە ماددەی 87 و ماددەكانی (88 تاكو 115) هاتوون بەسەر ئەم ناوچەیەدا جێبەجێ دەبن لەو ئاستەدا كە دژبەر نەبن لەگەڵ حوكمەكانی پەیوەست بەم ناوچەیە.[xlix]

لەلایەكی دیكەوە لە ئەنجامی ئەو داواكارییانەوە كە لەم ڕووەوە لەلایەن دەوڵەتە خاكداخراوەكان ەوە لە كۆنگرەی ناوبراو پێشكەش كران لە ڕێككەوتننامەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ یاسای دەریاكان ساڵی 1982 و بە دیاریكراوەی لە ماددەی 69 دا دانرا بە مافی ئەو دەوڵەتانی لە هاوبەشی كردن لە زێدەی سەرچاوە زیندووەكانی ناوچەی ئابووری پوخت.[l] بەجۆرێک لە بڕگەی یەكەمی ئەو ماددەیەدا هاتووە، دەوڵەتە خاكداخراوەكان لەسەر بنەمای دادپەروەری مافی بەشدارییان هەیە لە سوودمەندبوون لە بەشێكی گونجاوی زێدەی سەرچاوە زیندووەكان لە ناوچەی ئابووری پوختی دەوڵەتە كەناراوەكان كە دەكەوێتە هەمان ناوچەی ناهەرێمی یان هەرێمی، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئابووری و جوگرافی سەرجەم دەوڵەتە پەیوەندیدارەكان بەپێی حوكمی ئەم ماددەیە و ماددەكانی 61 و 62.[li]

لە دەقی ماددەكەوە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە هاوبەشی دەوڵەتە خاكداخراوەكان لە ناوچەی ئابووری پوخت تەنها سەرچاوە زیندووەكان دەگرێتەوە و سەرچاوە نازیندووەكانی وەک (ماددە كانزاییەكان و نەوت و گاز و ...هتد) ناگرێتەوە، هەروەها ئەوەی جێگای تێبینی و هەڵوەستە لەسەر كردنە لە دەقی ئەو ماددەیە بەكارهێنانی دەستەواژەی (بەشێكی گونجاو)ــە، واتە هاوبەشییەكە ناگاتە ئاستی نیوە و هەمیشە بەشی دەوڵەتە خاكداخراوەكان كەمترە لە نیوە، هەرچی دەستەواژەی (بنەمای دادپەروەرانە)یە بە هەمانشێوەی پرەنسیپەكانی دادگەری و دادپەروەری كە لە ماددە 38 لە سیستەمی بنەڕەتی دادگای دادی نێودەوڵەتیشدا هاتووە دەستەواژەیەكی ناڕوون و لاستیكییە و دەكرێت لێكدانەوەی جیاواز هەڵبگرێت، و لە كاتی دروست بوونی ناكۆكی لە نێوان دەوڵەتە خاكداخراوەكان و دەوڵەتە كەناراوەكان لەسەر ئەو پرسە هەردەم پێشینەیی بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتە كەناراوەكان دەبێت.[lii] هەرچەندە بەپێی بڕگەی چوارەم لە ماددەی ناوبراو ئەو دەوڵەتە داخراوانەی لە ڕووی ئابوورییەوە گەشەسەندوون تەنیا مافی هاوبەشییان هەیە لە سەرچاوە زیندووەكانی ناوچەی ئابووری ئازادی ئەو دەوڵەتە كەناراوانەی كە بەهەمان شێوە گەشەسەندوون.[liii]

جێگای ئاماژە پێكردنە كە پیادەكردنی مافی هاوبەشی لە سەرچاوە زیندووەكان لەلایەن دەوڵەتە خاكداخراوەكان ەوە پەیوەست كراوە بە دوو مەرجەوە:

**یەكەم**: پێویستە ئابووری دەوڵەتە كەناراوەكان بە شێوەیەكی نیمچە تەواو پشتبەستوو نەبێت بە بەكارهێنانی سەرچاوە زیندووەكانی ناوچەی ئابووری پوخت.[liv]

**دووەم**: نابێت ئەو مافە بگوازرێتەوە بۆ لایەنی سێیەم.[lv]

بە تێڕامان لە هەڵكەوتەی جوگرافی و پاشخانی مێژوویی ناوچەی ئابووری پوخت وا دەردەكەوێت كە مافێكی ڕەهای دەوڵەتە كەناراوەكانە، بەڵام بە بۆچوونی توێژەر ئەمە نابێتە بەڵگە بۆ بێبەشكردنی دەوڵەتە خاكداخراوەكان لە خێروبێری ئەم ناوچە گرنگەی دەریاكان، بە پێچەوانەوە ئێمە وەهای دەبینین كە پێویست بێت مافی دەوڵەتە خاكداخراوەكان لەم ناوچەیەدا لەو سنوورەدا كورت نەكرێتەوە كە تەنیا زێدەی سەرچاوە زیندووەكان بگرێتەوە، بەڵكو پێمان وایە كە دەبێت ئەو مافە سەرچاوە سروشتییە نازیندووەكانی ئەو ناوچەیەش بگرێتەوە.

سەرەڕای ئەوەش دەسەڵاتی دیاریكردنی زێدەی سەرچاوە زیندوو ونازیندووەكانی ناوچەی ئابووری پوخت بۆ دەوڵەتە كەناراوەكان بەجێ نەهێڵرێت، بەڵكو بە پێی ڕێككەوتننامەیەكی نێودەوڵەتی بە لێژنەیەكی تایبەتمەند بسپێردرێت كە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری دادگای نێودەوڵەتی یاسای دەریاكاندا بێت.

### 3.4 مافی دەوڵەتە خاكداخراوەكان لە دەریای هەرێمیدا (تێپەڕبوونی بێ زیان)

دەریای هەرێمیی بریتیە لە پشتوێنێكی ئاویی پەیوەست بە هەرێمی وشكانی دەوڵەتێک و ئاوە ناوخۆییەكانی، یان ئاوە ئەرخەبیلیەكان (ARCHIPELAGO). "ئەرخەبیلیەكان وشەیەكی ئەغریقیە و لە وشەی ئیتاڵی (ARCIPILAGO) وەرگیراوە، هەروەها لە ماددەی 46 لە یاسای نێودەوڵەتی دەریاكان ئاماژەی پیكراوە، مەبەست لێی كۆمەڵە دوورگەیەكە و لەگەڵیشیاندا بەشەكانی دوورگەكان، ئاوەكانی نێوانیان و سیما سروشتییەكانی دیكەی نێوانیان كە پەیوەندی چەسپاو لە نیوانیاندا هەیە تا دەگاتە ئاستێک كە ئەو دوورگانە و ئاوەكانی نێوانیان و سیما سروشتییەكان پیكەوە كیانێكی جوگرافی و ئابووری و سیاسی سەربەخۆ پێكدەهێنێت".[lvi] ئەگەر دەوڵەتەكە كۆمەڵە دورگەیی بوو، دەریای هەرێمیی و بۆشایی ئاسمانی سەرەوەی و بنیچەكەی و ناواخنی زەوییكەی ملكەچی سەروەریی دەوڵەتەكە دەبن، لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە بە هەرێمی دەریایی دەوڵەتەكە هەژمار دەكرێت بۆیە سەروەری تەواوی هەیە بەسەریدا هەر وەک چۆن بەسەر هەرێمی وشكانیدا هەیەتی، بەڵام ئەم سەروەرییە ڕەها نیە، بەڵكو كۆت و بەند كراوە و دەبێت بەجۆرێک پیادە بكرێت كە بگونجێت لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی دەریاكان و ڕێساكانی یاسای نێودەوڵەتیی.[lvii]

یاسای نێودەوڵەتی دەریاكان دەسەڵاتی بەخشیوە بە دەوڵەتەكان بۆ دیاریكردنی دەریای هەرێمییان،[lviii] بەو مەرجەی لە 12 میلی دەریایی تێپەڕ نەبێت،[lix] كە ئەمەش دەستپێدەكات لە (هێڵی بنەڕەتیی)یەوە، "هێڵی بنەڕەتیی ئەو هێڵە خەیاڵی یان هزرییەیە كە لێیەوە دیاریكردنی پانتایی دەریایی هەرێمی دەستپێدەكات، كە هێڵێكە بەپێی خواری خێچییەكانی هێڵێكی دیكەی خەیاڵی درێژ دەبێتەوە كە بە هێڵێ دەرەكی دەریای هەرێمی دادەنرێت، ئەمەش لە هەردوو ڕێككەوتننامەی جنێڤ لە ساڵەكانی 1958 و 1992 جەختی لەسەر كراوەتەوە".[lx] هەرچەندەش دەوڵەتە كەناراوەكان دەسەڵات و سەروەریان هەیە بەسەر دەریای هەرێمیدا،[lxi] بەڵام ئەو سەروەرییەش كۆتوبەند كراوە بە مەرجێكی گرنگ كە بەپێی ڕێسایەكی دابی كارپێكراو لە نێوان دەوڵەتاندا، كە بریتیە لە مافی (تێپەڕبوونی بێ زیان) "بەپێی ماددەی 14 لە ڕێككەوتننامەی جنێڤ ساڵی 1958 مافی تێپەڕبوونی بێ زیان ئەوەیە كە نەبێتە مایەی زیانگەیاندن بە ئاشتی و تەناهی و سیستەمی ڕێكخستنی دەوڵەتە كەناراوەكان.[lxii] هەروەها بەپێی ماددەی 19 لە ڕێككەوتننامەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ یاسای دەریاكان، تێپەڕبوون بە بێ زیان هەژمار دەكرێت ئەگەر زیان نەگەیەنێت بە ئاشتی دەوڵەتانی كەناراو یان سیستەمیان و یان تەناهیان.[lxiii]

لە بارەی تێپەڕبوونی بێ زیانەوە، ڕاوێژكاری كامیرۆنی (فرانسیس نگانتشا) دەڵێت:" هاوسەنگی ورد لە نێوان ئاسایش و بەرژەوەندیەكانی دیكەی دەوڵەتە كەناراوەكان و بەرژەوەندییەكانی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئازادی هاتوچۆی دەریایی، بەبێ ڕێگری لە ئاوە كەناراوەكاندا، بریتیە لە بڕبڕەی پشتی مافی تێپەڕبوونی بێ زیان)، كەواتە تێپەڕبوونی بێ زیان وەک مەرجێک و جیاكارییەكە لە سەروەری دەوڵەتانی كەناراو لە دەریای هەرێمیدا."[lxiv]

هەر لەم بارەیەوە لە ڕاپۆرتی لیژنەی نووسینەوەی یاسای نێودەوڵەتی لە 10ی ئەپرێلی ساڵی 1930 ـدا لە كۆنگرەی لاهای، بە ڕوونی ئاماژە بەوە كراوە كە" ئەم سەروەریە (لەسەر دەریای هەرێمی) هەرچەندە كۆتوبەند كراوە بە مەرجگەلێک بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، لە ڕاستیدا مافی تێپەڕبوونی بێ زیان بەنێو دەریای هەرێمیدا بە شێوەیەكی گشتی دانی پێدانراوە لەبەر ئەوەی ئازادی هاتوچۆی دەریایی گرنگییەكی گەورەی هەیە بۆ سەرجەم دەوڵەتان.[lxv]

مەبەستیش لە تێپەڕبوونی بێ زیان بریتیە لە هاتوچۆی دەریایی كەشتیەكانی سەرجەم دەوڵەتانە بەنێو دەریای هەرێمیدا، بەمەبەستی بڕینی ئەو ئاوە بەبێ گەیشتن بە ئاوە ناوخۆییەكان، یان بە مەبەستی گەیشتن بە ئاوە ناوخۆیەكان یان دەرچوون لێیان بۆ گەیشتن بە بەرزایی دەریاكان.[lxvi] ئەمەش مافێكی نێودەوڵەتییە و بەپێی ئەو مافە كەشتیەكانی دەوڵەتانی دیكە كەناراو بن یان داخراو، مافی تێپەڕبوونیان هەیە بە دەریای هەرێمیدا، بە مەرجێک ئەو تێپەڕبوونە خێرا و ڕاگوزەر و بێ زیان بێت ، مافی تێپەڕبوونیش ڕێپێدانێک نیە لەلایەن دەوڵەتە كەناراوەكانەوە بەخشرابێت بە كەشتیە بیانییەكان، بەڵكو مافێكی چەسپاوی خۆیانە،[lxvii] و سەرجەم ڕەگەزە پێكهێنەرەكان و تایبەتكارییەكانی ماف لەخۆ دەگرێت، و ئەو مافەش لە ئەنجامی دابی كارپێكراوی لەمێژینەی دەوڵەتانەوە دروست بووە و لەلایەن دادوەری و فیقهی نێودەوڵەتییەوە دانی پێدانراوە.[lxviii]

هەروەها مافی تێپەڕبوونی بێ زیان لە ڕێككەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەكاندا دووپات كراوەتەوە. لەوانەش لە پەیماننامەی ڤێرسای ساڵی 1919 (ماددەی 321)، ڕێككەوتننامەی تایبەت بە ئازادی تێپەڕبوون لە بەرشلۆنە 1921 (ماددەی 39)، ڕێككەوتننامەی جنێڤ تایبەت بە دەریای هەرێمی و ناوچەی پەیوەست ساڵی 1958 (ماددەی14 بڕگەی یەكەم)، ڕێككەوتننامەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ یاسای دەریاكان ساڵی 1982 (ماددەی 17).[lxix]

لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەروە باسكرا، ئەوەمان بۆ یەكلایی بووەتەوە كە بەپێی ڕیسا دابییەكان و ڕێككەوتننامە نێودەوڵەتییەكان و یاسای نێودەوڵەتی دەریاكان، دەوڵەتە خاكداخراوەكان مافی تێپەڕبوونی بێ زیانیان هەیە بە دەریای هەرێمیدا و كەشتییەكانی ئەو دەوڵەتانە كە هەڵگری ئاڵای نیشتیمانی وڵاتەكانیانن دەتوانن ئەو مافە پیادە بكەن لەگەڵ ڕەچاو كردنی یاساكانی دەوڵەتە كەناراوەكان كە هاوتەریبن بە یاسا نێودەوولەتییەكان و پابەند بوون بە مەرجی بێ زیان بوونی ئەو تیپەڕبوونە.

بە مەبەستی پیادەكردنی ئەم مافەش لەلایەن دەوڵەتە خاكداخراوەكان توێژەر پێی وایە دەبێت دەوڵەتە كەناراوەكان ئاسانكاری زیاتر فەراهەم بكەن بۆ كەشتییەكانی دەوڵەتە خاكداخراوەكان و مامەڵەی هاوشێوەی كەشتیەكانی خۆیان لەگەڵ بكەن، لەگەڵ كەمكردنەوەی ڕێوشوێنە كارگێڕییەكان، تاكو تێپەڕبوونی كاڵا و شمەكەكان دووچاری دواكەوتن و بەربەستە كارگێڕیەكان نەبنەوە.

### 4.4 مافەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان له بەرزایی دەریاکاندا (THE HIGH SEAS)

لە ڕۆژگاری ئێستادا لە ئەنجامی ئەو فراوان بوونەی لە مەودای ناوچە دەریاییەکانەوە کە بە هۆی جەمسەرگیری هەرێمی دەوڵەتە کەناراوەکانەوە هاتووەتەدی، پێناسەی بەرزایی دەریاکان ئەو واتایەی پێشتری لەدەستداوە و بووەتە سیمایەکی سواو.[lxx] بەڵام دەکرێت بۆ دیاریکردنی واتای بەرزایی دەریاکان بگەڕێینەوە بۆ یاسای نێودەوڵەتی دەریاکان بەو شێوەیەی لە ماددەی 86 لە بەشی حەوتەم ئاماژەی بۆ کراوە و تێیدا هاتووە:" حوکمەکانی ئەم بەشە جێبەجێ دەبن بەسەر هەموو ئەو بەشانەی دەریادا کە ناوچەی ئابووری پوخت نایانگرێتەوە، یان دەریای هەرێمی و یان ئاوە نێوخۆییەکانی هەر دەوڵەتێک، یان ئاوە ئەرخەبیلییەکانی دەوڵەتە ئەرخەبیلییەکان نایگرێتەوە... هتد".[lxxi]

بۆ یەکەمجار ڕێکخستنی یاسای بۆ بەرزایی دەریاکان دانرا لە کۆنگرەی لاهای ساڵی 1930ـدا دانرا. هەرچەندە دەرەنجامێکی ئەرێنی ئەوتۆی لێوە نەهاتەدی، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی یاریدەدەر بوو بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێسا دابیەکانی پەیوەست بە بەرزایی دەریاکان. دواتریش لەڕێککەوتننامەی جنێڤ ساڵی 1958 ئەم پرسە یەکلایی کرایەوە و پێناسەی بەرزایی دەریاکان کراوە بەوەی کە بریتییە لە: "بەرزایی دەریاکان هەموو ئەو بەشانەی دەریا دەگرێتەوە کە بەشێک نین لە دەریای هەرێمی یان ئاوە ناوخۆییەکانی هەر دەوڵەتێک."[lxxii]

هەرچەندە بەرزایی دەریاکان لە ڕێککەوتننامەی جنێڤ ساڵی 1958 گرنگی تایبەتی پێدرابوو، بەڵام پێناسەیەکی نەرێنی بۆ کراوە بەو شێوەیەی کە وەک جیاکارییەک لە ناوچە دەرياييەکانی دیکە پێناسە کراوە. بەمەش پێشینەی داوە بە سەروەری دەوڵەتان بەسەر ئەو ناوچە دەریاییانەدا، هەروەها لە ڕووی پرەنسیپی ئازادییەوە، کە سیستەمی ڕێکخستنی دەریاکانە، چوارچێوەیەکی ڕوونی دیاری نەکردووە، بەڵکو کۆمەڵێک جێبەجێ کردنی وەک نموونە هێناوەتەوە و ئازادییەکانی دیکەی جێهێشتووە تاکو بەپێی پرەنسیپە گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی پیادە بکرێن.[lxxiii]

بەرزایی دەریاکان ناوچەیەکی کراوەیە بۆ سەرجەم دەوڵەتان بەبێ جیاوازی لە نێوان دەوڵەتانی کەناراو و دەوڵەتە خاکداخراوەکان.[lxxiv] بەجۆرێک هەموو دەوڵەتان دەتوانن بە ئازادی و بێ جیاوازی لە ڕووی یاساییەوە بە شێوەیەکی ئازادانە پیادەی مافەکانیان بکەن لەم ناوچەیەدا، وەک ئازادی هاتوچۆی دەریایی، ئازادی فڕین، ئازادی ڕاوەماسی، ئازادی توێژینەوەی زانستی، ئازادی دانانی کێبڵ و بۆرییەکان، ئازادی بنیاتنانی دورگە دەستکردەکان و دامەزراوەکانی دیکە لە بواری ئاشتیدا،[lxxv] هەموو ئەم مافانە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی دەریاکان بە یەکسانی دەستەبەری کراون بۆ سەرجەم دەوڵەتان، بەڵام سوودمەندبوون لەو مافانە دەگەڕێتەوە بۆ توانست و ئاستی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی دەوڵەتان.[lxxvi]

کەواتە یەکێک لە پرەنسیپە سەرەکییەکان کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا جێگیر بووە ئەوەیە، کە بەرزایی دەریاکان ئازادە بۆ بەکارهێنان لەلایەن سەرجەم دەوڵەتانەوە، بە واتایەکی دیکە بەرزایی دەریاکان ملکەچی دەسەڵاتی هیچ دەوڵەتێک نیە، بەڵکو کراوەیە بۆ هەمووان بە بێ جیاوازی، دەوڵەتی کەناراو بن یان داخراو، لەم پرەنسیپەوە کۆمەڵێک دەرەنجام گەڵاڵە دەبن، گرنگترینیان ئەمانەن:[lxxvii]

1- هەموو دەوڵەتان، لە ناویاندا دەوڵەتە خاکداخراوەکان یش، مافی بەکارهێنانی بەرزایی دەریاکانیان هەیە.

2- هیچ دەوڵەتێک بۆی نیە ڕێگری لە دەوڵەتانی دیکە بکات لە پیادەکردنی مافی بەکارهێنانی دەریاکان.

3- پیادەکردنی ئازادی بەرزایی دەریاکان بەپێی ئەو مەرج و ڕێکارانە دەبێت کە لە یاسای نێودەوڵەتی دەریاکان و ڕێساکانی یاسا نێودەوڵەتیەکانی دیکەدا دیاری کراون.[lxxviii]

4- پێویستە لەسەر دەوڵەتان لە کاتی بەکارهێنانی بەرزایی دەریاکان ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی دیکە بکەن لە هەمان بواردا.[lxxix]

5- پێویستە بەرزایی دەریاکان بۆ مەبەستی ئاشتیانە بەکاربهێنرێت.[lxxx]

هەروەها لە ماددەی 87 لە یاسای نێودەوڵەتی دەریاکاندا ناوەڕۆکی پرەنسیپی ئازادی بەرزایی دەریاکان ڕوون کراوەتەوە کە شەش ڕەگەزی سەرەکی لەخۆ دەگرێت:

1- ئازادی هاتوچۆی دەریایی.

2- ئازادی فڕین.

3- ئازادی دانانی کێبڵەکان و بۆرییەکان.

4- ئازادی بنیاتنانی دورگە دەستکردەکان و دامەزراوەکانی دیکە کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا ڕێگەپێدراوە.

5- ئازادی ڕاوەماسی.

6- ئازادی توێژینەوەی زانستی.[lxxxi]

بە بۆچوونی توێژەر ئەو مافانەی بەپێی یاسای نێودەوڵەتی دەریاکان و پەیماننامە و ڕێککەوتننامەکانی پێشتر لە بەرزایی دەریاکاندا بۆ دەوڵەتە خاکداخراوەکان فەراهەم کراون مافگەلێکی گرنگ و ستراتیژین، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە دەوەستێتە سەر چۆنیەتی گەیشتنی ئەو دەوڵەتانە بەم ناوچە گرنگەی دەریاکان بە مەبەستی پیادەکردنی ئەو مافانە، بە واتایەکی دیکە مافەکانی دەوڵەتە خاکداخراوەکان لە بەرزایی دەریاکاندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە چۆنیەتی دەستگەیشتنی دەوڵەتە خاکداخراوەکان بەم ناوچەیە، بۆیە پرسی دەستگەیشتن بە دەریاکان هێندەی خودی بوونی مافەکان بە گرنگ دەزانین.

### 5.4 مافی دەوڵەتە خاکداخراوەکان لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکاندا

پرسی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان یەکێکە لە پرسە زیندوو و هەستیارەکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی. ئەمەش لەلایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئەو پرسە لە ڕووی یاسایی و تەکنیکییەوە، لە لایەکی دیکەوە پەیوەستە بە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو ڕووبارانە بە جۆرێک کە نەبێتە مایەی زیانگەیاندن بە دەوڵەتانی دیکە، بە تایبەت لەو ڕووەوە کە ئەو ڕووبارانە بە خاکی زیاتر لە وڵاتێکدا تێپەڕ دەبن و ماف و پابەندی بۆ هەریەک لەو وڵاتانە دروست دەبێت.

ڕووباری نێودەوڵەتی، بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی بەرشلۆنە کە چەمکەکەی پێناسە کردووە بەوەی کە: "ئەو ڕووبارانەن کە ڕێڕەوی ئاوییان بۆ هاتوچۆی ئاویی گونجاوە و چەند دەوڵەتێک لێک جیا دەکاتەوە یان بە خاکی ئەو دەوڵەتانەدا تێپەڕ دەبێت و بەکارهێنانی ئابووری هەیە بەبێ ئەوەی لە مافی سەروەری و دەسەڵاتی دانپێدانراویاندا کەمبکاتەوە".[lxxxii] هەربۆیە مەبەست لە ڕووباری نێودەوڵەتی ئەو ڕووبارەیە کە چەند وڵاتێک دەگەیەنێت بە دەریا و بە خاکی چەند وڵاتێکدا تێپەڕ دەبێت، ئەمەش بەو واتایە دێت پێویستە سێ مەرج لە ڕووباری نێودەوڵەتیدا هەبن: گونجاویی بۆ مەبەستی هاتوچۆی ئاویی، هاوبەشی زیاتر لە وڵاتێک لە سەروەری بەسەر ئەو ڕووبارەدا و پەیوەست بوونی ڕووبارەکە بەو دەوڵەتانە، ئەو ڕووبارە کۆمەڵێک دەوڵەت پێکەوە بەستێتەوە، بە هاتنەدی ئەو سێ مەرجەش ڕووبارەکان تایبەتمەندی نێودەوڵەتی بەدەست دێنن.[lxxxiii]

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چەندین کۆنگرە و ڕێککەوتننامەی تایبەت بە ڕێکخستنی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەچوون، دیارترینیان کۆنگرەی (ڤیەننا) ساڵی 1815 کە ڕۆڵی بنەڕەتی بینیوە لە دیاریکردن و پەرەپێدانی مێژوویی سیستەمی یاسایی بەکارهێنانی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها کۆنگرەی ئاشتی (ڤێرسای) ساڵی 1919 کە جەختی کردەوە لەسەر ڕێساکانی کۆنگرەی ڤیەننا لەگەڵ هەندێک نوێکردنەوە و پەرەپێدانیان، پاشانیش کۆنگرەی بەرشلۆنە ساڵی 1921 کە بە بانگهێشتی ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان بەڕێوەچوو کە تێیدا جەخت کرایەوە لەسەر دوو پرەنسیپی بنەڕەتی بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان:

یەکەم: پرەنسیپی ئازادی هاتوچۆ لەو ڕووبارانەدا.

دووەم: پرەنسیپی یەکسانی لە مامەڵەکردن لە نێوان دەوڵەتانی بەکارهێنەری ئەو ڕووبارانە.[lxxxiv]

لەلایەکی دیکەوە یەکێک لە گرنگییەکانی کۆنگرەی بەرشلۆنە ساڵی 1921 ئەوە بوو کە دەستەواژەی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکانی گۆڕی بۆ دەستەواژەی (ڕێگا ئاوییەکانی خاوەن سوودی نێودەوڵەتی)، ئەم دەربڕینەش لەوەی پێشتر زۆر قوڵتر و گشتگیرتر بوو، چونکە هەموو ڕێگا ئاوییەکان دەگرێتەوە. بۆ نموونە دەکرێت دەریاچەکانیش ببنە ڕێگایەک بۆ هاتوچۆی ئاویی نێودەوڵەتیی.[lxxxv] هەروەها مەرجی بەکارهێنانی ڕووبارەکان بۆ هاتوچۆی نێودەوڵەتی و بەکارهێنان بۆ بواری ئابووری لە کۆنگرەی ناوبراودا وەک مەرجی نێودەوڵەتیی بوونی ئەو ڕووبارانە زیدکرا.[lxxxvi]

